-رۆژی هەینی ١٩ / ١ / ٢٠٠٧ لەشاری سۆران مێردمندالێك بەناوی (ئەیوب بایز) کە دانیشتووی سۆرانە بەدەمانچە گوللەیەك بەسکی خۆیەوە دەنێتو بەسەختی بریندار دەبێتو ڕەوانەی نەخۆشخانەی (ئیمرجنسی) لەهەولێر دەکرێت، بەگوێرەی کەسێکی نزیکی بریندارەکە ئەم کارە بەهۆی کێشەی خێزانییەوە بووە.

-رۆژی ١٩ / ١ / ٢٠٠٧ کاتژمێر (٩) ی سەر لەبەیانی لەنزیك گوندی (باوزێ) ی دەڤەری پشدەر ئۆتۆمبێلی جۆری لاندگرۆز وەردەگەڕێتو لەئاکامدا شوفێرەکەی بەناوی (عەلی محەمەد) تەمەن ٢٢ ساڵ گیان لەدەست دەدا، ناوبراو خێزانداردو هەر لەو ڕووداوەشدا کەسێکی دیکە بریندار، بەڵام باری تەندروستی باشە.

-ڕۆژی شەممە ٦ / ١ / ٢٠٠٧ لەشاری سۆران ماڵی هاولاتی (ناوخۆش سەعید) بەهۆی بەکارهێنانی خەڵووز لەژوورەکەیاندا سەرجەم ئەندامانی خێزانیان بەهۆی کاریگەری گازی خەڵوزەکە لەهۆش خۆیان دەچنو نەخۆش دەکەونو بەزوویی ڕەوانەی نەخۆشخانەی سۆران دەکرێنو بەهۆی ئۆکسجینەوە گیانیان لەمردن ڕزگار دەبێت.

- شەوی پێنجشەممە ١٨ / ١٩ - ١ - ٢٠٠٧ لەگەڕەکی مەنتکاوەی شاری هەولێر چەند دزێك هەڵدەکوتنە سەر ماڵی سێ برا کە ماڵەکانیان لەتەنیشت یەکتر بووە، جێگای باسەر هەر سێ براکە لەماڵەوە بوونە کە دزەکان چوونەو دوای لە دەرگادانێکی زۆر دەرگاکە ناکەنەوەو بۆیە دزەکان سەردەکەونە قاتی دووەمی یەکێك لە خانووەکانی ئەو سێ برایەو دەست دەکەن بەلێدانی یەکێیان دەستو قاچی بەچەقۆ بریندار دەکەنو ڕادەکەنو پاشان براکانی دیکە دەست دەکەن بە تەقەکردن بەدوایاندا، بەڵام بێ سوود دەبێت، دواتر پۆلیس دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە، بەگوێری گوتەی جیرانەکانیان ئەو دزانە پیکاب نیسانێکیان پێ بووەو سەروچاویشیان داپۆشراو بووە.

-لە ١٧ / ١ / ٢٠٠٧ قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی سۆران وەك نارەزایی دەربڕینێك لەبەرامبەر قیرتاونەکردنی بەردەم قوتابخانەکەیاندا لەبەردەم دەزگای زاری کرمانجی نارەزایی دەردەبڕنو داوای گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ بەردەم قوتابخانەکەیان دەکەن.

- لە ١٦ / ١ / ٢٠٠٧ لەسەر ڕێگای سۆران - جندیان دوو شوفێری نەفەر بارکردنی هێڵەکە لەسەر نەفەر هەڵگرتن بۆ حاجی ئۆمەران دەبێتە شەڕیانو دەکەونە گیانی یەکتر، دواتر خەڵکەکەی ئەوێ دەکەونە ناوبژیکردنیان.

-چەند ڕۆژێك پێش ئێستا ئاسایشی سۆران لاوێکی بەتۆمەتی بەکارهێنانی مادده سڕکەرو بێهۆشکەرەکان دەستگیر کرد، دواتر لاوەکە لەترسی ناو زڕاندنی لەناو خێزانو کۆمەڵگادا ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەداو دەستبەجێ ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی هەولێر دەکرێت، تا ئێستا لەژێر چارەسەری پزیشکدایە.

- ئێواری ٢١ / ١ / ٢٠٠٧ کاتژمێر (٧,٥) چەند دزێك بە هەل وەرگرتن لەچوونە دەرەوەی خاوەن ماڵەکە دەچنە سەر ماڵی هاوولاتی (هـ.م) سەعاتێك و ئەنگوستیلەیەکی زێڕو ٢٠ هەزار دیناری چاپی تازەیان لێ دەدزن، دواتر پۆلیس دەگەنە شوێنی ڕووداوەکەو لێکۆڵینەوە دەست پێدەکەن.

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر پاکیزە تەلعەت عەبدولسەمەد:

■ تایبەتمەندی باری ژیانو گوزەرانی ئەو مامۆستایانە لەبەرچاو دەگرین لەپلانی ساڵی نوێی خوێندن کە لەشوێنە دوورەکان وانە دەڵێنەوەو دەرماڵەی تایبەتیان بۆ دەبڕینەوە

■ قوتابخانە نییە بۆ ئەزموونەکانی نیوەی ساڵ دوو بەرمیل نەوتی وەرنەگرتبێ.

هەڤپەیڤێن/ بەکر تەیفور

-پلانی نوێی سیستەمی ئەزموونەکانی نیوەی ساڵ چۆن بەڕێوە دەبەنو بۆ سەری ساڵیش چۆن جیاوازتر لە ساڵانی پێشووتر دەبێ؟

+ئێمڕۆ ١٥ / ١ / کاتژمێر هەشتی سەرلەبەیانی لەهەموو هەرێمی کوردستان بەهەولێری پایتەختیشەوە ئەزموونەکانی نیوەی ساڵ دەستی پێ کردو ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم (٢٤٦٤٥٤) قوتابی ئەمڕۆ لەهەموو پارێزگای هەولێر بەشداری تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ دەکەن، و قۆناغەکانی سەرەتایی (١١٧٠٩٤)قوتابی لەپۆلی یەکەمەوە تاکو پۆلی شەشەمی سەرەتایی‌و (١٤٨٢٦٢)قوتابی قۆناغی ناوەندی‌و هەشتاو شەش هەزارو چوار سەد قوتابی زیاتر لە ئامادەییەکان بەشداری ئەزموونەکان دەکەن.

ئەوە ڕوونو ئاشکرایە بەهۆی ڕێژەی زۆری قوتابیانو کەمی شوێن، زۆربەی قوتابخانەکان دوو شەفت دەوام دەکەنو لەکاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تاکو نزیکەی ٤ و ٥ی ئێوارە ئەزموونەکان بەردەوام دەبێ خشتەکان زۆر بەڕێکو پێکی لەسەر ئاستو ڕیستی قوتابیانو مامۆستایان دانراوە، هۆڵەکان بەڕێکی بەڕێوە دەچێ ئەمڕۆ لەگەڵ جەنابی پارێزگارو بەیاوەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پسپۆری سەردانی چەند هۆڵێکمان کرد زۆر ڕێك‌و پێك بوون، هۆڵەکان، ئەوەی ئەمەوێ ئاماژەی پێبەکەم فیعلەن بۆ دۆخو کەشو هەوای ئێستا بوو هەموو هۆڵەکان سۆپای تیا بوو سوپاس بۆخوا ئەوت دابەش کراوە بەسەر هەموو هۆڵی ئەزموونەکانو قوتابخانەکان، هیچ کێشەیەکی ئەوتۆمان نەبوو.

-ئەمەوێ ئاماژە بەو پلانە نوێیەی ئەمساڵ بکەم، گوایە زۆربەی وانەکان وەلا دەنرێنو هەندێکیان دەکرێن بەیەك ئەوە چۆنە؟

+نەخێر، سەبارەت بەنیوەی ساڵ هێشتا هیچ لەو شتانە نییەو وانەکان (کەم - تەقلیص) نەکراوە، بەڵام بۆچ کۆتایی ساڵ، ئەوەش هێشتا لەژێر گفتوگۆ دایەو کۆنفرانسێکیش بۆ ئەو مەبەستە گرێ دەدرێت، هەرچەندە فەرمانەکە لەوەزارەت دەرچووە، گوایە پۆلی شەشەمی سەرەتایی بابەتەکانی هەرسێ زمانەکان (کوردی - عەربی - ئینگلیزی) پێکەوە دەبن‌و نمرەکانیان لەسەر (٣٠٠) دەبێ‌و سەبارەت بەوانەکانی دیکە زانستەکان لەگەڵ بیرکاری پێکەوە دەبێ، واتە قوتابیانی شەشەمی سەرەتایی دوو ڕۆژ بەشداری تاقیکردنەوەی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ دەکەن.

-واتە بابەتەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوو و جوگرافیا و..هتد وەلا دەنرێت؟

+بەڵێ ئەوانە دەبنە (لاسفی) دوور لە پۆل دەبن‌و دیارە ئەمە وەزارەت بڕیاری لەسەر داوەو ئێمەش دیراسەتی دەکەین، یانی بەڕاستی وەزارەت بیرو بۆچوونی کەسی وەرنەگرت لەو بارەیەوە من بەڕێوەبەری گشتیم ئاگاداری ئەو بارە نیم، لێرە بۆ نمونە یاریدەدەری هونەرییمان هەیە هەتا ئەویش ئاگادار نییە، بۆیە ئێستا ئەمانەوێ لەگەڵ وەزارەت دابنیشین، لەوانەیە لەو کۆنفرانسەی کە بەڕێوەیە یەکلایی ببێتەوە.

-ئەو هۆیانە چین پەروەردەکانی دەورووبەر جیاکاری لەنێوانیانەو بۆ نمونە کەڵەکتان خستۆتە پێش دەشتی هەولێرو چەندین داخوازیان فرامۆش کراوەو زۆربەی قورساییەکەش هاتۆتە سەر هەولێر؟

+ڕێزم هەیە هەموو پەروەردەکان بەلای ئێمەوە وەکو یەکن بەراشکاوی چ جیاوازییەك لەنێوانی پەروەردەی دەشتی هەولێر لەگەڵ کەڵەك دانییە یا هیچ جیاوازییەك لەنێوان پەروەدەکانی دەورووبەرو هەولێر یەك‌و دوو دانییە، باوەڕ ناکەم ئەو جیاوازییە هەبێ تێدەگەم مەبەستت چییە، لەدامەزراندنی مامۆستا لەوانەیە وابێ، لەدامەزراندنی مامۆستا زۆربەی زۆری دانیشتوان، ئێوە دەزانن هەموو لەبەر نەبوونی جێگا لەنێو شار بەڕاستی خەڵکەکە زیاتر هەڵکشانەکە بۆ دەرەوەیە بۆ بنەسلاوەو ئەو دەورووبەریە گەر نا بەیەك چاو وەکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەدەکان تەماشای دەکەین پەروەردەکانی (سۆران - چۆمان- مێرگە سۆر) راستە نەکردووەو هەوڵدەدەن، بەس بەتەنها لەسەر وەزارەتی پەروەردە نییە، زیاتر وەزارەتی دارایی پەیوەستە بەو مەسەلەیە، ئەوپەڕی هەوڵمان داوە بۆ چاکترکردنی بژێوی ژیانی مامۆستایان بەگشتی.

-زۆرێك لەناوەندی‌و ئامادەییەکانتان، خوازیارن بە مامۆستای ئاماژە وەك لە مامۆستای میلاك، ئەمە پێت وانییە پرانسیبی پەروەردەو فێرکردن و ئەو پەیوەندییە خۆشەویستی‌و هەماهەنگییەی نێوان مامۆستاو قوتابی لەدەستیداو مامۆستای ئاماژە وانەکانی دەڵێتەوە وەك ئەڵێن لەئاستی پێویست‌و بەرپرسیاریدا نابێ‌و ئێوە بۆ داوا ناکەن سەدان قوتابی دەرچوری زانکۆ دایان نامەزرێنن؟

+لێرەدا من لەگەڵ بۆچوونەکەی تۆدا نیم لەهەموو قوتابخانەکان میلاك دابین کراوە، بەس ئەو مامۆستایانەی خۆیان حەز لە ئاماژی دەکەن وەیا لە وانەیە مامۆستایانی ئەو ئیدارانە تەنها مامۆستای ئاماژیان بوێ تەنها بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی‌و هیچی تر، مامۆستای میلاك ڕەنگبێ نەتوانن شەشەکان بەڕێوە ببەن لەو حاڵەتەدا ئەو بەڕێوەبەرانە ناچارن لەدەرەوە مامۆستای ئاماژ بهێنێ و وانەی تایبەت‌و پیشەیی هەیە گەرنا لەهەموو قوتابخانەکان میلاکی خۆمان هەیە.

-میلاك هەیە، بەڵام لەئاستی پێویستدا نییەو ئامادەیی‌و ناوەندیتان هەیە ٤-٥ میلاکی هەیەو کەچی ٨-٩ ئاماژی هەیە؟

+نا شتی وانییە ڕێزم هەیە لەناو شار شەش میلاکیان کەمە بەس ئێمە دابەشی دەکەین هەمان ئەو ناوانەی کە بەرز دەکرێنەوە بۆ وەزارەت ئەوجا بۆزمان دێتەوە دابەشی سەر هەموو پەروەردەکانی دەکەین، ئەوجا ئەگەر مامۆستا خۆی نەگەیەنێتە ئەوێ‌و دەوام نەکا، بەڕاستی هەوڵ دەدەین‌و ئەوپەڕی ئاسانکاریان بۆ دەکەین وەکو دەرماڵەی هاتوچۆو زیادەیان بۆ سەرف دەکەین، تەنانەت تەنها لەپێنار ئەوەی لەو شوێنانەی دەوام بکەن.

-نامەوێ ڕۆ بچمە نێو ووردەکارییەکان، بەڵام لێرەدا دوو پرسی گرنگ تایبەت بەو باسە سەرهەڵدەدا ئەویش بۆچی لەسەر حسابی سۆران‌و چۆمان‌و مێرگەسۆر، گەرچی خەڵکی خۆمانن، بەڵام دەرچوری پەیمانگای سۆران‌و شەقلاوە ڕەوانەی ئەو شوێنانە ناکەن‌و قوتابییەك لەهەولێر تەخروج دەکا لەبری ئەوەی هاندەری بن‌و کە سەرەتایەو موچەکەی کەمەو بەشی هاتوچۆی ناکات ڕەوانەی ئەو شوێنە دوورانەی دەکەن‌و پاشان بۆ موچەکانیان زیاتر ناکەن؟

+ئێستا هەوڵ دەدەین وەزارەتیش لەسەر ئەوە هەوڵ دەدات ئەو شوێنانە تایبەتمەندی خۆیان هەبێ، شوێنە دوورو سنووریەکان لەبەرچاو بگیرێ‌و بەڕاستی زەحمەتە یەکێك لەسەرتای دامەزراندنی بە ١٢٥ هەزار یاخود ١٥٧ هەزار دینار دەوام بکاو بچێتە ئەو شوێنە دوورانە بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ دەدەین بۆساڵی داهاتوو بتوانین بۆ ئەوانە دەرماڵەیەکی تایبەت بۆ ئەو سێ دەڤەرە بڕینەوە بەڕاستی پێویستە ئەو شوێنانە تایبەتمەندییەکی خۆیان هەبێ.

-بەو سیفەتەی تۆ لە لیژنەکانی‌و کاریگەریت هەیە لەسەر بڕیارو ڕاسپاردەو ڕێنماییەکان وە بەسانایی دەگەیتە وەزارەت‌و بۆچی حکومەت شەفافیەت لەموچەی مامۆستایاندا پیادە ناکات‌و یەکلایی ناکاتەوە لەکاتێکدا مامۆستایان توێژێکی تایبەت و ماندوون لەکۆمەڵگادا؟

+هەوڵدراوە یەکێتی مامۆستایانیش درێغیان نەکردووەو هەوڵدەدەن، بەس بەتەنها لەسەر وەزارەتی پەروەردە نییە، زیاتر وەزارەتی دارایی پەیوەستە بەو مەسەلەیە، ئەوپەڕی هەوڵمان داوە بۆ چاکترکردنی بژێوی ژیانی مامۆستایان بەگشتی.

-زۆرێك لەناوەندی‌و ئامادەییەکانتان، خوازیارن بە مامۆستای ئاماژ وەك لە مامۆستای میلاك، ئەمە پێت وانییە پرانسیبی پەروەردەو فێرکردن و ئەو پەیوەندییە خۆشەویستی‌و هەماهەنگییەی نێوان مامۆستاو قوتابی لەدەستیداو مامۆستای ئاماژ